# با هیچ یەکێکتان بە یەک نەعلەوە ڕێ نەکات، با هەردوویان لە پێ بکات، یان هەردوویان لە پێ نەکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «با هیچ یەکێکتان بە یەک نەعلەوە ڕێ نەکات، با هەردوویان لە پێ بکات، یان هەردوویان لە پێ نەکات».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ڕێ کردن بە یەک نەعلەوە (یان پێڵاو یان گۆرەوی یان هەر شتێکی تر لە پێ بکرێت)، یان ئەوەتا هەردوویان لە پێ بکات یان ئەوەتا هەردوویان لە پێ نەکات، وبە پێ پەتی ڕێبکات، وئەمەش ئادابێکی جوانە ونیشانەیە لەسەر ڕێکی وجوانی شەریعەتی ئیسلامی کە گشتگیرە وهەموو بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە، وهەروەها لە فەرموودەی تردا هاتووە کە خۆچواندنە بە شەیتان چونکە ئەو بە یەک نەعلەوە ڕێدەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5369